# دوانزه وانه بۆ منالان

## 1

منالەکان
ئه ی یاخییه ژین تالە کان
سبه ی ئیوه که گەوره بوون
له لاوکا
له حەیرانا
له مزگەوت و دیوەخانا
له چیرۆکا
له هۆنراوەی شاعیرێکی ترسنۆکا
ڕەنگه زۆرتان بەر گوێ کەوێ
باسی ئێمه و ئازایەتی
باسی ئێمه و کوردایەتی
بەلام نەکەن بڕوا بکەن
درۆی تیایه , درۆی پەتی

2

منداڵەکان
ئێمە تووشی سەد کوێرە ڕێین
چرای بیرمان گەلەک کزە
هەنگاوی کوێرانە دەتێین .

3

منداڵەکان
ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن
ئێوەن ئەو بۆمەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن
ئێوەن سبەی
سنووری دەستکرد دەشکێنن
قەفی زنجیری لێکپچڕاو
بەیەکترەوە دەلکێنن
ئێوەن سبەی
لە قامیشلی

لە دیاربەکری شێخ سەعید

لە سلێمانیی بریندارردا

لە مەهابادی ( قازی ) دا

بەیەک فەلسەفە پێدەگەن

گشت تێدەگەن

ئەوەی کورد بێ , نەوەی نوێ بێ

دەبێ تێشووی

رێی یەکێتیی کوردی پێ بێ .

4

منالّەکان

لە وانەکانی دوێنێمدا

گوتم :

ئێمە لەوەتەی هەین

درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین

لە ژینماندا

لە کردەوە و نووسینماندا

بێ فەلسەفەین .

ئەمەم گوت و دنیا ڕما

هەوری تانە

بەرەو ئاسۆی بیرم جما

منداڵەکان

توو خوواکەی بپرسن لێیان

بپرسن لەوانەی چاویان

تینی ناگاتە بەر پێیان

مەترسن , بپرسن , بڵێن :

لە سەفەری دووڕگەی خوێنا

بۆ منداڵان چیتان هێنا ؟

5

منداڵەکان

ئەی بێلانە ژین تاڵەکان

زۆر لەمێژە

دایکەکانی ئەم وڵاتە

مەمکەکانیان
شیری سەربەستیی تیا قاتە
زۆر لەمێژە
کێوەکانی ئەم وڵاتە
پێغەمبەرێکیان تیا قاتە

منداڵەکان
لە ئاگردانی چاوتاندا
من چاوەڕێی زەردەشتێکم
بێ جێ بەو بتانە لەق کا
من چاوەڕێی
چەخماخەی ئاڤێستایەکم
بێ جەرگی تاریکی شەق کا .

6

منداڵەکان
سەنگەر سەنگەر چیاکان گەڕام

گوێم لێ بوو کۆمەڵێک قەوان
لەناو سەنگەرێکی چۆڵدا
لە پێشمەرگەی شەهید دەدووان .

7

منداڵەکان
دەسگیرانم
کۆترێکی دیاربەکرە
حەزی لە چیا و قاسپەی کەو و
ڕەنگی بەفرە
بۆ گواستنەوەی
زنجیرەی چیام قەف قەف بڕی
ڕۆژ ژمێرم پەڕ پەڕ دڕی
پەساپۆرتم
ئاوات و زەردەخەنە بوو
کلدان و کیسێک خەنە بوو
کە لە دەرگای سنوورم دا ,

لەباتی ماچ
ماچی گەرمی دەسگیرانم ,
تفی زەردی پۆستاڵ ڕەشێک
هات سواخی دا ناوچەوانم ؟

## 8

مناڵەکان
ئەی برسییە ژین تاڵەکان
لەسەر سینگە
نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ
تێزیک تاڤگەی
سەرەوژووری زێڕینی گڕ
گوڵکۆیەکی بچکۆلەم دی
لێی نووسرا بوو :
( ئا لێرەدا
مناڵێکی چاوڕەشی کورد ,
لە برسان مرد ؟ ) .

# 9

منداڵەکان

ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند

گوڵەگەنمی دروێنە کرد .

ئەوەی دڵۆپێک خوێنی چاند

تابلۆیەکی بۆ خۆی نەخشاند .

ئەوەی تەنیا

هاوارێکی لە دەم دەرچوو ,

گوێی لە سەدای دەنگی خۆی بوو .

کەچی ئێمە

کاسەسەر و چاو دەچێنین

بارانی خوێن

بەسەریاندا دەبارێنین

هێشتا وەرزی

دروێنەشمان دیار نییە

تا گوڵەگەنمێکی کێڵگەی

ئەو خوێنەشمان دیار نییە .
منداڵەکان
با ئەو جۆگەیە بگۆڕین
کە خوێنمانی پێدا دەڕوات
با ئەو زەمینەش بگۆڕین
کە چاو و کاسەسەر دەخوات .
ئینجا کێڵگەی رووناکیتان
پیشان دەدەم
ئینجا وەرزی دروێنەتان
بۆ ڕست دەکەم .

10

منداڵەکان
لەسەر بۆرییە نەوتەکان
لە دیواری
ئاودەستخانەی مزگەوتەکان
دە ملیۆن جار

نووسیمان  بژی چەوساوە

نووسیمان بژی کرێکار
بەڵام , هەموو نووسینەکان
تەنها جارێ
نەیانتوانی ببنە پاروو
تێرکەن زگی کرێکارێ ؟

11

مناڵەکان
ئەی بێلانە ژین تاڵەکان
شەو لە خەوما رێبوارێک بووم
بۆ بارەگای ( یوتان ) دەچووم
کە دەروازەکەی قووتی دام ,
رەشم بینی ئاڵای هەبوو
سپیم بینی ئاڵای هەبوو
هەرچیم بینی ئاڵای هەبوو

قیژاندیان :
ئەی بێ وولآت بۆ دەرەوە
ئەی بێ ئالآ بۆ دەرەوە
منیش گوتم :
مەقیژێنن
کە چوومەوە
ئەم چیرۆکە
بۆ منالآن دەگێڕمەوە .

12

منالْەکان
کە وانەکان دەخوێننەوە ,
ئەگەر رۆژ بوو
لە کونجێکدا کپ هەڵتووتێن
ئەگەر شەو بوو
با چراکان کز بسووتێن
چاک دەزانم

گەورەکانتان  بتانبینن

داختان دەکەن

وانەکانم دەسووتێنن

دێن , دووبارە

جەستەی حەلاج

دەدەنەوە لە سێدارە ؟

## عەبدوڵا پەشێو

1972- 1970